گوێڕایەڵ بن وفەرمانەکان جێبەجی بکەن، ئەوان تەنها بەرپرسیارن لەسەر ئەرکەکانیان، وئێوەیش تەنها بەرپرسیارن لەسەر ئەرکەکانتان

لە وائیلی حەزرەمیەوە دەڵێت: سەلەمەی کوڕی یەزیدی جوعفی -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم-؛ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پێمان بڵێ ئەگەر هەندێك فەرمانڕەوا کاربەدەست بن بەسەرمانەوە وداوای مافی خۆیان لە ئێمە بکەن، ومافی ئێمە نەدەن، ئایا فەرمانی چیمان پێدەکەیت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێ وەرگێڕا، پاشان پرسیارەکەی دووبارە کردەوە ولە دووەم یان سێیەم جاردا؛ ئەشعەسی کوڕی قەیس ڕایکێشا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «گوێڕایەڵ بن وفەرمانەکان جێبەجی بکەن، ئەوان تەنها بەرپرسیارن لەسەر ئەرکەکانیان، وئێوەیش تەنها بەرپرسیارن لەسەر ئەرکەکانتان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بەو کاربەدەستانەی کە داوای مافی خۆیان دەکەن لە خەڵکی؛ مافی گوێڕایەڵی وفەرمانبەرداری، لەکاتێکدا ئەو مافەی لەسەریانە جێبەجێی ناکەن؛ لە سەپاندنی دادپەروەری وبەخشینی دەستکەوت وگەڕانەوەی ماف بۆ ستەملێکراو وبەکسانی، ئایا چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەین؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لێی وەرگێڕا؛ وەکو ئاماژەیەك بۆئەوەی حەز بەم بابەتانە ناکات، بەڵام پرسیاکار بۆ جاری دووەم وسێیەمیش هەمان پرسیاری لێکرد، بۆیە ئەشعەسی کوڕی قەیس -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیارکاری بەلای خۆیدا ڕایکێشا بۆئەوەی بێدەنگی بکات. بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دواجار وەڵامی دایەوە وفەرمووی: گوێڕایەڵی قسەکانیان بن، وفەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن؛ ئەوان تەنها بەرپرسیارن لەسەر ئەرکەکانیان لە دادپەروەری وپێدانی مافی خەڵکی، وئێوەیش تەنها بەرپرسیارن لەسەر گوێڕایەڵی وجێبەجێکردنی مافەکان وئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتیەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5037

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee